# هۆنراوە

وێنە : ئیسماعیل عومەر حەسەن



## ئاهەنگی پۆل

عەلی حەمە رەشید بەرزنجی

که دەچمە پۆل بۆ وانە
ئاسوودەیی وەکو رەنگ
روخسارم دادەپۆشێت
دەڵێی دەچم بۆ ئاهەنگ

چونکە مامۆستاکانم
روخۆش و لێو بەخەندەن
وەك هاورێ وان لە گەڵمان
میهرەبان و دڵ گەورەن

هەر وانە دەستی پێکرد
بارانی ئەوین و سۆز
دەبارێت لە ئاسمانی
دڵی مامۆستای دڵسۆز

هەر بابەتێك باس بکەن
بە باشی لێی تێدەگەین
چونکە هەموو پێکەوە
بەشداری تێدا دەکەین

بە (دەستخۆش ) و ( ئافەرین)
هانمان دەدەن تێکۆشین
تا سەرکەوتوو بین لە ژین
بەری رەنجمان بنۆشین



## کەروێشك

ئای لەو کەروێشکە جوانە
لەبەر دەرگەی ماڵمانە
زۆر خرپن و بچووکە
هەر هەموو گیانی تووکە
منال دەورەیان داوە
خواردنیان بۆ هێناوە
گێزەری زۆر ئەدەنێ
ئەو دەیخواو پێدەکەنێ

دانا عەبدولڕەحمان سوید



## پەتاتە

نازم حەمە ئەمین

پەتاتەیەکی خرم
وا لە ژێر خۆڵ و گڵم
هاورێی تورو پیازم
بەڵام بە تام جیاوازم
کە دێمە دەرێ لە خاك
زەردو جوان وێنەی گوڵم
قاشم ئەکەن رێك و جوان
لەسەر خوانی ماڵەکان

